

خشنەئوترە ئەهوورەمەزدا

# ئامۆژگارینامەی ئەشو و زەردەشت

خشنەئوترە ئەهوورەمەزدا

# ئامۆژگارینامەی ئەشوو زەردەشت

کورش نیکنام

جەلیل عەباسی لە فارسییەوە کردویەتی بەکوردی

ئامۆژگارینامەی ئەشو و زەردەشت
کورش نیکنام

❖ بابەت:
❖ وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەلیل عەباسی
❖ پیتچنین: ئەدهەم عەباسی
❖ نەخشەسازی ناوەوە: نزار نوری
❖ نەخشەسازی بەرگ:
❖ نۆبەتی چاپ:
❖ چاپخانە:
❖ تیراژ:
❖ نرخ:
❖ ژمارەی سپاردن:



# گاتا – ٢٨

- ❖ بە خاکەڕایی و دەستی ڕادێراوەوە، لەگەڵ ئاهوورامەزدادا (نیایش) بکەین.
- ❖ ئاهوورامەزدا خوازیاری خاکەڕاییە لە نیایشدا.
- ❖ با لە نیایشەکانماندا، داوا و ئارەزووی شادیی و بەختەوەریی بکەین.
- ❖ شادیی و بەختەوەریی، بەرهەمی ئارەزووکردن و خواستنە لە نیایشدا.

**"گاتا ـ ٢٨ ـ ١"**

- ❖ هەردەم بە بەهرەمەنـدی لە سرشـتی چـاك و ڕۆشـنبینیی لە یەزدان نزیـك بکەوینەوە.
- ❖ بە یاریدەی ڤەهوومەن و ئەشا لە یەزدان نزیك دەکەوینەوە.
- ❖ بە پەیـڕەوی لە ئەشـوویی، لە جیهـانی مـاددی و مینوییـدا بەختەوەریـی خـودا دەبێتە بەشتان.
- ❖ بەختەوەریی ماددی و مینویی، پاداشتی پەیڕەویکردنە لە ئەشا.

**"گاتاـ ٢٨ ـ ٢"**

- ❖ بۆ یەکەمجار، سرووتی جاویدان بۆ ستایشی ئەهوورا مەزدا هۆنراونەتەوە، با ئەزبەریان بکەین.

- ئەهوورا، درەوشانەوەی بیرچاکیی و ڕاستکردارییە لە ژیاندا.
- بە هـۆی بیرچـاکیی و ئەشـوویی و دەسـەڵاتی سـەر خۆتـان، هەسـتی بـڕوا و فیداکاریی لە ناختاندا گەشە دەکات.

"گاتا_٢٨ _٣"

- بـا لەبەر تیشـکی ئەندێشـەی پاکـدا، گیـانی خۆمـان بەرە و باشـترین بارەگـای ڕووناکیی و سرووت بەرز بکەینەوە.
- بەهەشت، باشترین بارەگای ڕووناکیی و سرووتە.
- ئـاهوورا مەزدا، چـاکترین پاداشـت بەو کەسـانە دەبەخشـێت، کە هەوڵ بـۆ بە ئەنجامگەیاندنی کاری چاك دەدەن.
- چەندە لە توانایيماندایە، با خەڵکانی دیکە فێری ئایینی ڕاستیی بکەین.

"گاتا_٢٨ _٤"

- بـا بە گـرتنەبەری ڕاسـتیی و پـاکیی، ئەشـوویی لە نـاخی خۆمانـدا جێگیرتـر بکەین.
- دەسەڵاتی ئاهوورا مەزدا لە نهێنیی (بوون)دا وەدیار دەکەوێت.
- بە یاریـدەی ئـاوەزی پێگەیشـتوو، دەگەیـنە زانسـتی ئەهـوورایی، کە هەمـان (ڤەهوومەن)ە.
- با گومڕاکان بە قسەی ئەندێشەورووژێن و زمانی نەرم و شیرین بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنمایی بکەین.

"گاتا_٢٨_٥"

- لەبەر تیشـکی ئەندێشــەی پـاك و ڕاســتییدا، هێـزی ئەهــوورایی بناسـین و ژیانێکی خۆش و تەمەنی درێژ بژین.

- لەبەر تیشکی ڕاستیی و سرشتی پاکدا دەگەینە هێزی ئاهوورایی.
- بە یاریدەی هێزی مەعنەوی و شادیبەخشی یەزدانیی، کینەی بەدخوازان لەنێوبەرین.
- لەبەر تیشکی شەهریاریی مینوییدایە، کە ڕقی بەدخوازان لەنێودەچێت.

"گاتا_٢٨ _٦"

- با ئەندێشەتان پاك بێت، تا لە ڕەوتی ژیاندا بەخششێکی چاکتان پێببڕێت.
- هاوڕێی پەیڕەوانی ڕاستیی بن، تا ئارەزووەکانتان بەهۆی (ئارمەیتی)یەوە بێنەدی.
- خواوەند، هێزێکمان پێدەبەخشێت، تا بتوانین پەیامی ئەندێشەورووژێن بگەیەنینە هەمو و دنیا، تا کەلامی (مانترە) لە جیهاندا پەرە پێبدەین.

" گاتا_٢٨ _٧"

- ئەو کەسانە دەگەنە بەهەشت، کە لە بەخششی جاویدانیی و بیرچاکیی بەهرەمەند بن.

"گاتا_٢٨ _٨"

- با هێزە ئاهوورابیەکان لەخۆمان دوور نەخەینەوە. هەردەم یارمەتی لە سرشتی چاك وەربگرین و بەپێی لۆژیکی (بوون) هەنگاو بنێین.
- پەروەردگارا، کردەوەیەکمان لێ نەوەشێتەوە کە لە ڤەهوومەنەوە سەرچاوەی نەگرتبێت و لەگەڵ یاسای (بوون)دا نەگونجێت.
- ڤەهوومەن سەرچاوەی کردەوەی چاکە.

" گاتا_٢٨ _٩"

- ئەهوورامەزدا کەسێك کامەران دەکات، کە لەبەر تیشکی ڕاستیی و بیری چاکدا، کردەوەی چاك ئەنجام بدات.

- ❖ کامەرانیی و بەختەوەریی بەشی کەسێکە، کە بە یاریدەی ڤەهوومەن و لەبەر تیشکی ئەشادا کاروکردەوەی چاك بێت.
- ❖ هیچ نیایشێك نیە، کە لە قووڵایی گیان و دڵەوە سەرچاوەی گرتبێت و بێ وەڵام بمێنێتەوە.
- ❖ چاکەکاری، کامەرانیی بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

" گاتا_٢٨ _١٠"

- ❖ با هەوڵ بدەین بە سروود و نیایشەکانمان، ڕاستیی و سرشتی چاك بپارێزین.
- ❖ پاراستنی ڕێڕەوی (بوون) بە نیایشی ڕاست و دروست مەیسەر دەبێت.

" گاتا_٢٨ _١١"



# گاتا - ٢٩

❖ پیـاوی زانـا و یاریـدەدەری وشـیار، مـرۆڤ بەرە و ژیـانێکی شـاد و ئاسـوودە ئاراستە دەکات.

" گاتا_٢٩ _١"

❖ ئەهوورا مەزدا سـەرچاوەی داد و ئاوەزە، هەمیشـە هەر وابێت کە ویستی ئەو دەیخوازێت.

" گاتا_٢٩ _٤"

❖ لە نیایشـەکانماندا، دەسـتەکانمان ڕادێـرین و داوا لە ئەهـوورا مەزدا بکەیـن: هەرگیـز هـیچ ئـازار و تەگەرەیەك نەگـاتە ئەو کەسـەی، کە ڕێبـواری ڕێبـازی ڕاستیی و دروستییە.

❖ ئەهوورا مەزدا یار و یاوەری ڕاستییخوازان و چاکەکارانە.

" گاتا_٢٩ _٥"

- ئەی ئاهوورا...

پەیامبەرەکەت لە پێگەی شایەستەترین هەڵبژێردراوی خۆمان بۆ ڕێبەرایەتی قبووڵ دەکەین.

**" گاتا_٢٩ _١٠"**

- با زەردەشتی پەیامبەر خۆشنوود بکەین و یاریدەی بدەین، کە یەزدان بۆ ڕێنموونیی ئێمەی هەڵبژاردووە.

**"گاتا_٢٩ _١١"**



# گاتا - ٣٠

- با پەیڤی هزرورووژێن بە گوێی ئەو کەسانەدا بچرپێنین، کە خوازیاری بیستنن.
- ئەگەر لە زانایی چاکی ئەهوورایی و ئاییینی ڕاستیی بەهرەمەند ببین، دەگەینە تیشکی هەقیقەت و لێوڕێژ دەبین لە شادمانیی و ڕووناکیی.
- لەبەر تیشکی زانایی چاك و پەیڕەویکردنی ئاییینی ڕاستیی دەگەینە (دڵئاگایی).

**"گاتا_٣٠ _١"**

- هەموو تاکێکتان (ژن ، پیاو)، پاش بیستنی چاکترین گوتەکان، بە هزری ڕۆشنەوە لێیان ڕابمێنن و ئینجا بە ئیرادە و خواست و ئارەزووی خۆتان ڕێگاکەتان هەڵبژێرن.
- با بە یاریدەی ئاوەزمانەوە، بە زانابییەوە، ئاییینی ڕاستیی قەبووڵ بکەین و خەڵکی دیکەیشی لەسەر ڕابهێنین.
- ڕێگەی چاك یا خراپ بۆ ژیانتان بە ئیرادەی خۆتان، بەڵام بە یاریدەی هزری ڕووناك و ئەندێشەی گەشەسەندوو هەڵبژێرن.
- با پێش گەیشتنی ڕووداوی گەورە لە ژیاندا، هەموومان هەوڵ بۆ گەشە و پەرەسەندنی ئاییینی ڕاستیی بدەین.

**"گاتا_٣٠ _٢"**

- ❖ ئەهــریمەن هەمــان بیرکــردنەوەی خــراپە، کە ئەویــش لە بیــر و هــزری نەزانەکانەوە هەڵقوڵاوە.
- ❖ مرۆڤی زانا هەمیشە گەوهەری چاکەپەروەر لە ئەندێشە و گوتە و کردەی خۆیدا هەڵدەبژێرێت و نەزانیش پێچەوانەکەی.
- ❖ ئەو دوو گەوهەرە (هاوزا)یەی، کە بەردەوام لە هزری مرۆڤدا دەردەکەون، سەرچاوەی چاکە و خراپەن.

" گاتا_٣٠ _٣"

- ❖ هەبوون و نەبوون، لە ئاکامی پێکدادانی دوو گەوهەری هاوزا (چاکە و خراپە) وەدیهاتوون.
- ❖ درۆخــوازان تووشــی خراپتــرین دۆخی دەروونیــی دەبــنەوە و پەیڕەوانــی ڕاستیییش دەگەنە چاکترین سرشت و ئارامیی ژیان.
- ❖ چاکترین سرشت بەشی ئەشەخواز و خراپترین ژیانیش بۆ پەیڕەوانی درۆیە.
- ❖ ئەشەخوازان دەگەنە ئارامیی و درۆخوازانیش دەگەنە پەرێشانیی.

" گاتا_٣٠ _٤"

- ❖ ئەو کەسەی بە پێوەری ئەندێشەی چاك بجووڵێتەوە، خۆشنوودیی یەزدان مسۆگەر دەکات.
- ❖ با ئەندێشەمان چاك بێت، تا ئاهوورا ڕازیی و خۆشنوود بێت.
- ❖ ئەو کەســەی کە بە تیشــکی ئــاوەز خەملێبــێ، هەمیشــە ڕاســتیی هەڵدەبژێرێت...
- ❖ زانا، ڕاستیی هەڵدەبژێرێت.

" گاتا_٣٠ _٥"

- ئەوانەی کە لە هەڵبژاردنی ڕێبازی ڕاستییدا شك و گومانیان هەبێت، تووشی تووڕەیی دەبن و دەبنە هۆی تێکدانی ژیانی خەڵکیی دیکە.

" گاتا_٣٠ _٦"

- ڕێبـواری ڕێبـازی ئەشـا هەردەم لە هێـزی ئەهـوورایی و عەشـق و ئیمـان بەهرەمەندە..
- ئەگەر خوازیـاری ئـۆخژن و شـەهریاریی ئەهـوورایین بـۆ ژیـانی خۆمـان، ئەوا دەبێ گەشە بە بیری چاك و ڕاستییخوازیی ببەخشین..
- با ڕاستیی هەڵبژێرین، تا کامەران بین.

" گاتا_٣٠ _٧"

- شەهریاریی ئاهوورایی سزایەکی زۆر خراپی بۆ درۆخوازان پێشبینی کردووە..
- با بە یاریدەی سرشتی چاك فێر ببین چۆن درۆ و ئازار لە خۆمان بتارێنین.
- پاداشتی پەیڕەویی لە سرشتی چاك، ڕزگاربوونە لە درۆ و ئاوێتەبوونە لەگەڵ یاسای ڕاستییدا..
- با بۆ ڕزگاربوونمان لە درۆ، یارمەتی لە سرشتی چاك وەربگرین.

" گاتا_٣٠ _٨"

- با لە و کەسانە بین کە ژیان نوێ دەکەنەوە و جەماوەر بە ئاراستەی ڕاستیی و پارێزکاری ڕێنموونیی دەکەن..
- با کـردەوەی خۆمـان لەگەڵ خواسـتی ئەهووراییـدا هەماهەنـگ بکەیـن و ببینە هۆی نوێبوونەوە و ئاوەدانیی جیهان و بوون.
- بـا بە یـارمەتیی یەزدان بە هـۆی سرشـتی چاکەوە و دوور لە هـزر و بۆچـوونی نادروست، بگەینە سەرچاوەی زانایی.

- لەبەر تیشکی میهری ئەهوورایيدا و بە هۆی سرشتی چاکەوە، بیر و خەیاڵە خراپەکان لە خۆمان دوور بخەینەوە.

" گاتا_٣٠ _٩"

- ئاواتی چاکەخوازان، شکستی سوپای درۆیە...
- کاتێك شکستی درۆ دێتە دی، بیرچاکەکان شایەتی دەرکەوتنی درەوشانەوەی ڕاستیی و ڕووناکیی ئاهوورایی دەبن..
- بەهەشتی بە ئاواتخوازراوی ئاهوورایی بۆ چاکەخوازان، بارەگای پڕ جیلوەی ڕاست و پاکسرشتییە.

" گاتا_٣٠ _١٠"

- یاسای ئەهوورایی، بۆ چاکەکاران بەختەوەری و شادیی بێسنوور، بۆ درۆخوازانیش ڕەنج و مەینەتی زۆر و بەردەوامیی دیاریی کردووە.
- لەبەر ڕۆشنایی کردەوە و دژکردەوەی یاسای بووندا، بەرەو چاکبوون هەنگاو بنێین.
- فەلسەفەی شادیی و ڕەنج بۆ چاکەکار و، خراپەکاریش هەمان هۆشداریی بوونە بۆ مرۆڤەکان.

"گاتا_ ٣٠_١١"



## گاتا - ٣١

- پەیڤە نوێ و ئەندێشەبەخشەکانی پەیامبەر بۆ ئەوانەی ئاهوورایان خۆشدەوێ، دڵنشین و شادیبەخشن.
- یارانی ئاهوورا مەزدا خوازیاری پەیڤە ئەندێشەسازەکانن.

**" گاتا_ ٣١_ ١"**

- بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست، با وەسوەسە ئەهریمەنییەکان لە خۆمان دوور بخەینەوە.
- با ڕوو لە ڕاستیی بکەین، تا زەمینەی شکستی ئەهریمەن ئامادە بکەین.
- ئاهوورا مەزدا زەردەشتی بۆ فێرکردنی ژیانی چاك و بۆ ڕزگاریی مرۆڤ هەڵبژارد.

**"گاتا_٣١ / بڕگەی ٢"**

- ئایینی ڕاستیی بەهۆی پەیڤی ئیلهامبەخشەوە پێشانی خەڵکانی دیکە بدەین.
- گەشەی ئایینی ڕاستیی، هاوڕێ و هاوکاتە لەگەڵ هێزی ئاهوورایی و پەیڤی دڵنشیندا.
- بەختەوەریی ژیان لە سایەی تیشکی مینویی و بە یاریدەی ئەشا مسۆگەر دەبێت.

**"گاتا_٣١_٣"**

- ❖ بە کەسێتیی چاك و عەشقی پاکەوە لە هێزی ئاهوورایی بەهرەمەند بین، تا بەپێی یاسای ئەشە بەسەر درۆدا سەربکەوین.
- ❖ لووتکەی هاوڕایی لەگەڵ یاسای ئەشەدا، هەمان زاڵبوونە بەسەر درۆدا.
- ❖ دژایەتی و بەگژاچوونەوەی درۆ، یەکێکە لە جیلوەکانی هێزی ئاهوورایی لە مرۆڤدا.
- ❖ لە نزاکانماندا خوازیاری بەردەوامیی هێزی ئاهوورایی بین لە ناخی خۆماندا.

**"گاتا_٣١_٤"**

- ❖ با دینی خۆمان بەهۆی کەسێتیی چاك و لەبەر تیشکی ئەشەدا هەڵبژێرین.
- ❖ بە زانایی خۆمان و هەڵبژاردنی ئاییني ڕاستیی، دەگەینە شادیی و ئاسوودەیی.
- ❖ با فێری دینی ڕاستیی ببین و گەشەی پێببەخشین.
- ❖ خواوەندا... زاناییم پێببەخشە، تا دینی ڕاستیی لە ژیانمدا هەڵبژێرم و خەڵکیشی لەسەر پەروەردە بکەم.

**"گاتا_٣١_٥"**

- ❖ کەلامی مانترە و ئەندێشەخێز، مرۆڤ بەرە و نەمریی و جاویدانیی دەبات.
- ❖ باشترین بەختەوەریی هیی ئە و زانایانەیە، کە لەگەڵ یاسای ئەشادا هاوئاهەنگ بن.
- ❖ بەهەشت و دڵخۆشیی، بۆ ئە و کەسە چاکانەیە دوای زانست و زانایی دەکەون.
- ❖ گەشەی ڕاستیی بە نهێمی زانایان دەبێت.

**"گاتا_٣١_٦"**

- خواوەند، هەمیشە و لە هەموو شوێنێك هەر یەکە.
- ڕووناکایی زەوی و ئاسمان لە ئاهووراوەیە.
- ئەشا یاوەر و پشتیوانی بیرچاکانە.
- بیرچاکان بە یاسای ئەشا پاڵپشتیی دەکرێن.

"گاتا_٣١_٧"

- داهێنانی جاویدانیی مەزدا، هەمان بەردەوامیی یاسای ڕاستییە لە بووندا.
- با بە دیدەی دڵ بڕوانینە بوون، تا پەی بە تاقانەیی خودا بەرین.
- خواوەند دەسپێك و سەرەنجامی بوونە.
- جیلوەی پەروەردگار سەرچاوەی کەسێتیی چاکە.

"گاتا_٣١_٨"

- مرۆڤ بەهۆی ئاوەزی ئاهوورایییەوە بووەتە خاوەنی ئازادیی هەڵبژاردن.
- مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ڕاستیی و گەیشتن بە ڕزگاریی و ئاسوودەیی، یا هەڵبژاردنی درۆ و گومڕایی، ئازادن.
- هەر کەس با ڕێگای خۆی: چاك یا خراپ بە ئازادیی هەڵبژێرێت.
- ئارامی و پارێزکاری دیاریی بەنرخی ئاوەزی ئاهوورایییە بۆ مرۆڤ.

"گاتا_٣١_٩"

- لە کۆمەڵگەکەماندا ڕێبەر و سەرکردەیەك هەڵبژێرین، کە بیرچاك و گەشەبەخش بێت و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ڕاستیی بدات.
- کەسێك کە خۆی فریودەر بێت، ناتوانێ خزمەتی ڕاستیی بکات.
- هەرگیز سەرکردەیەکی درۆخواز بە ڕواڵەتی فریوکارانەی ڕاستییخوازییەوە نەبێتە فەرمانڕەوای هیچ وڵاتێك.

"گاتا_٣١_١٠"

❖ خواوەند، کاتێك گیانی خستۆتە جەستەی مرۆڤەوە، هێزی ویژدان و توانایی پەیڤین و گوڕی کارکردنیشی پێ بەخشیوە.
❖ هەموو کەس بە سرشتێکی چاکەوە لە هەڵبژاردنی دینی خۆیدا سەربەستە.
❖ دین، هەمان هێزی هەڵاواردنی چاکەیە لە خراپە، یا هەمان ویژدانی بێدار و بەئاگایە لە سرشتی مرۆڤدا.

"گاتا_٣١_١١"

❖ ڕاستکردار و دروستکار هەمان ئە و زانایەیە، کە ئەندێشەی خۆی بە زمان دەردەبڕێت و بە کردەوەش دەیسەلمێنێت.
❖ درۆزن، ئە و نەزانەیە، کە بیروبڕوای لەگەڵ زمان و کرداریدا جیاوازە.
❖ ئەندێشەی کەسێك کە بەدوای ڕێگەی ڕاستەوەیە، دەبێ لە قسەکانیدا بناسرێتەوە.
❖ ئەگەر لە پەیڕەویکردنی ڕاستیی کەوتینە گومانەوە، ئەوا باشترە پەنا بۆ عەشقی ئاهوورایی و ئاوەزی پیرۆز بەرین.

"گاتا_٣١_١٢"

❖ ئاهوورا مەزدا، بە ڕۆشنبینی خۆی، دادگەرێکە، کە بەپێی ئەشا سزا و پاداشتی کردەوەی کەسەکان دیاریی دەکات.
❖ خواوەند بینایە، کەواتە با خۆمان لە تاوان دوور بخەینەوە، جا چ گەورە و چ بچووك.
❖ خواوەند ئاگاداری هەمو و کردارێکە، چ ئاشکرا و چ پەنهان.

"گاتا_٣١_١٣"

❖ خوای دانایی، لە هەردو و جیهانی ماددی و مینوییدا پاداشتی چاك دەداتە کردەوەی پارێزکاران.
❖ ئاهوورامەزدا ئاگای لە ڕووداوەکانە چ لە ڕابردو و چ لە داهاتوودا.

"گاتا_٣١_١٤"

- ❖ ئەوەی پاڵپشــت و هانــدەری درۆخــواز بێــت، پاداشــتی چــاك نابینێــت و سزاکەشی قورسە.
- ❖ نابێ جیایی بخرێتە نێوان جەماوەری بڕوادار و پێشەوای ڕاستییخواز.

**"گاتا_٣١_١٥:**

- ❖ ڕێگای نزیکبوونەوە لە خواوەند، هەوڵدانە بۆ پەرەپێدانی ڕاستیی.
- ❖ تاکی زانا، هەوڵ بۆ ئاوەدانیی ماڵ و گوند و شار و وڵاتی خۆی دەدات.

**"گاتا_٣١_١٦"**

- ❖ مرۆڤ، ئە و کاتە فریوی گومڕاکان دەخوات، کە بێ بەهرە بێت لە زانستی ڕاستیی.
- ❖ هەرکاتێك مرۆڤ ڕووی لە ڕاستیی و دروستیی کرد، ئەوا جیلوەی عەشق و سرشتی چاکی لێ ئاشکرا دەبێت.
- ❖ زانای چاك دەبێ لایەنی چاکەی هەڵبژاردنی کردەوەی چاك پێشانی خەڵك بدات.

**"گاتا_٣١_١٧"**

- ❖ زمــان و هانــدانەکانی گــومڕا و خراپەکــار، ژیــانی خەڵــك بەرەو وێرانــی و چارەڕەشی ئاراستە دەکات، با هاوڕاییان نەکەین و نزیك نەبینەوە لێیان.
- ❖ درۆخـوازان، زیانبەخشـن، پێویسـتە بە هەمـوو جۆرێـك دژیـان بوەسـتینەوە و بەرەنگاریان ببینەوە.

**"گاتا_٣١_١٨"**

- ❖ ئەوەی پەیڕەویی ئەشا بکات، شارەزای دەرمان و چارەی ژیانە.
- ❖ کەرەسـتەی پێویسـت بـۆ گەشـەپێدانی ڕاسـتیی، زمـانی شـیرین و پەیڤـی دڵنشینە.

❖ ئەو زانــایەی کە بەپێــی ئەشــا بیردەکــاتەوە، دەبێــتە پزیشــکی دەروونیــی خەڵکانی دی.
❖ بــا گــوێ بــۆ قســەی کەســێك بگــرین، کە ئەندێشــەکانی لەســەر بنەمــای ڕاستیین و ڕاهێنانەکانی دروست و سوودبەخشن.

"گاتا_٣١_١٩"

❖ تاریکایی بەردەوام و سەرزەنشتی ویژدان، سزای تاوانبارانە.
❖ دین و ویژدانی پاك و بێدار، سەرەنجامی چاکە و خراپە پێشانی مرۆڤ دەدات.
❖ بەهەشت سەرای تیشك و ڕووناکاییە.

"گاتا_٣١_٢٠"

❖ ڕێبوارانی ڕێگەی ئەشا، لە شکۆی دۆستایەتیی ئاهوورامەزدا بەهرەمەندن.
❖ دیاریی ئـاهوورا بە ڕێبـوارانی ڕێبـازی ئەشـا، سـەروەریی مینـویی و سرشـتی چاکە.
❖ دۆسـتانی ئـاهوورامەزدا پڕچەك کـراون بە چەکـی ڕاسـتیی و هێـز و توانـایی، تـا دەگەنە جاویدانیی.

"گاتا_٣١_٢١"

❖ زمـان و کـردەوەی زانـایەکی بەتوانـا، کە لەسـەر سرشـتی چـاك داڕێژرابێـت، هەردەم پارێزگاری لە یاسای ئەشا دەکات.
❖ خزمەتگوزار و یاریدەدەری خەڵك دۆستی نزیکی ئاهوورا مەزدایە.
❖ باشترین ڕێبەری جەماوەر ئەوەیە، کە خودان سرشتی چاك و پاك بێت.

"گاتا_٣١_٢٢"



# گاتا - ٣٢

- ❖ هەموان بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی و بەختەوەریی، نوێژ بۆ ئاهوورا دەکەن.
- ❖ نیایشی خوای تاقانە، ئارامیی و بەختەوەریی مسۆگەر دەکات.
- ❖ پەروەردگارا، با هەمووما‌ن پەیامهێنەری ڕاستیی بین.
- ❖ با بتوانین خەیاڵپڵاو و سیمبۆلە درۆیینەکان لە خۆمان دوور بخەینەوە.

**"گاتا_٣٢_١"**

- ❖ عەشق و سۆزی خۆشەویستی، جیلوەیەکی یاسای ڕاستیین، لە ئێوە پیرۆز بێت، کە بەپاکیی نیایشی دەکەن.
- ❖ جیلوەی زێڕینی ئەشا عەشق و سۆزی خۆشەویستییە.
- ❖ خواوەند بە زانایی و بە توانابیەوە سەروەریی جیهان دەکات.

**"گاتا_٣٢_٢"**

- ❖ خەیاڵپڵاو و وەهمپەرستیی کاری گومڕاکانە.
- ❖ شوێنکەوتوانی درۆ و خورافات، بەکردەوە ناپەسەند و نەشیاوەکانی خۆیان لە گێتیدا بە بەدناوی دەناسرێنەوە.

**"گاتا_٣٢_٣"**

- ❖ بڕوا چەوت و درۆیینەکان، مرۆڤ لە ڤەهومەن دوور دەخەنەوە.
- ❖ بیروباوەڕی ئەهریمەنیی، مرۆڤ لە ئەندێشەی چاك دووردەخاتەوە.
- ❖ وەهمپەرستیی و خەیاڵی چەوت مرۆڤ لە ڕاستیی و دروستیی و ئاوەزی پاك دادەبڕێت.

"گاتا_٣٢_٤"

- ❖ وشیار بن، تا ئەهریمەنی بەدکار بە بیری چەوتەوە گومڕاتان نەکات.
- ❖ کردەوەی خراپ و دزێوی درۆخوازان، لە بیری فریودەرانەی خۆپەسەندییەوە سەرچاوە دەگرێت.
- ❖ گەر فریـوی دروشـمە ئەهریمەنییەکانمـان خـوارد، ئەوا گـومڕا دەبـین و لە شادمانیی و ئاسوودەیی بێبەش دەبین.

"گاتا_٣٢_٥"

- ❖ سـەرەنجام لەسـای شـەهریاریی ئاهوورایـیدا ڕێسـای ئەشـا لە سەرتاسـەری جیهاندا جێگیر دەبێت.
- ❖ ڕۆژێك دادێت کە ئەشا لەسای خشەترە لەجیهاندا جێگیر دەبێت.
- ❖ ئاواتی ئەشو و زەردەشت فەرمانڕەواییکردنی ڕاستییە بەسەر جیهاندا.

"گاتا_٣٢_٦"

- ❖ گەشە و بەختەوەریی ژیان بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامەوە مسۆگەر دەبێت.
- ❖ هـیچ زانسـتێك بەبـێ هەوڵ و تێکۆشـان ناگـاتە ئەنجـام و هـیچ زانـایەك بەبـێ هەوڵ و تێکۆشان ناگاتە کامەرانیی.

"گاتا_٣٢_٧"

- ❖ بنەمای داوەریی یەزدان لە ڕۆژی پەسڵاندا ڕاستیی و دادوەرییە.

"گاتا_٣٢_٨:

- مامۆستای بیرچەوت بە گوتە چەواشەکانی خۆی دەبێتە هۆی گومڕایی و بەلاڕێدابردنی مرۆڤ.
- بە پەیڤێکەوە، کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت، لە بەرانبەر زیان و مەترسیی درۆخوازاندا، پەنا بۆ یەزدان بەرین و یارمەتیی لێ بخوازین.
- پەنا بەرینە بەر ئاهوورا، تا لە زیانی درۆخوازان بپارێزرێین.
- پەیڤی بیرمەندانە و ئەندێشەورووژێن، هەڕەشە و زیانی درۆخوازان دووردەخاتەوە.

**"گاتا_٣٢_٩"**

- مامۆستای بیرخراپ، ڕاهێنانە دینییەکان بە نادروستیی ڕاڤە دەکاتەوە.
- درنج، هەوڵی وێرانکردنی ئاوەدانیی و زیانگەیاندن بە چاکەکاران دەدات.

**"گاتا_٣٢_١٠"**

- ئەگەر گرنگی بە درنج بدرێ، ئەوا ژیان لەنێودەچێت.

**"گاتا_٣٢_١١"**

- پەیڤە چەواشەکارانەکان، دەبنە هۆی گومڕایی مرۆڤ.
- ڕاهێنانی ناڕاست و نادروست، مرۆڤ لە ئەنجامدانی کاری چاك دادەبڕێت.

**"گاتا_٣٢_١٢"**

- هێز و دەسەڵاتێك، کە بەسەر بناغەی درۆوە بنیاتنرابێت، تاسەر نامێنێ.
- کەسێك کە هێز و دەسەڵاتی خۆی لەڕێگەی بیری خراپەوە بەدەسهێنابێت، سەرەنجام دادەڕووخێت.

**"گاتا_٣٢_١٣"**

- خواستی کەچئەندێشان و درۆخوازان، گەندەڵیی و وێرانکارییە لە جیهاندا.

"گاتا_٣٢_١٤"

- سەرەنجامی ڕۆژگاری ستەمبینی، ئۆخژنی بارگاویی بە پاکیی و پێگەیشتنە.

"گاتا_٣٢_١٥"

- ئامۆژگاریی مرۆڤی پارێزکار و زانا لە هەمووشتێك بەسوودترە.
- بە زمانی خۆش و پەیڤی میهرەبانانە، دەکرێ ڕق و دوژمنایەتیی بەدخوازان دووربخرێتەوە.

"گاتا_٣٢_١٦"

# گاتا - ٣٣

- ❖ بناغەی ژیان، بەسەر ڕاستییەوە دامەزراوە.
- ❖ مادەم داوەری بەپێی ویژدانە، کەواتە با هەڵسوکەتمان لەگەڵ ڕاستیی و دروستیدا هەماهەنگ بکەین.
- ❖ کردەوەی چاك و خراپ، بەئاسانی لە یەکدی جیادەکرێنەوە و دەناسرێنەوە.

**"گاتا_٣٣_١"**

- ❖ ئەندێشە و زمان و کرداری چاك ئامرازی زۆر باش و بەسوودن، بۆ هێنانەوەی درۆخوازان بۆ سەر ڕێگەی ڕاستیی.
- ❖ ئەرکی سەرشانی زاناکان، ڕێنموونیکردنی درۆخوازانە بۆ ڕێی ڕاست.
- ❖ بەرەنگاربوونەوەی کەچئەندێشی، بەشێك لە ئەرکی هەمیشەیی بیرمەندانە.

**"گاتا_٣٣_٢"**

- ❖ خوازیارانی سەرای ڕازاوەی سرشتی پاك و بەهەشت، هەردەم لە خدووی پاکیی ئەشە پارێزگاریی دەکەن.
- ❖ زاناکان هەوڵ دەدەن تا لە ڕێگای پەروەردەی جیهان و بووندا هەنگاو بنێن.
- ❖ با لەگەڵ هەمواندا باشترین هەڵسوکەوت بکەین.

**"گاتا_٣٣_٣"**

- به نیایشەکانمان، لە یەزدان بخوازین بۆ پاککردنەوەی جیهان لە بیری خراپ یارمەتیدەرمان بێت.
- زاناکان، بە زانستی چاکەوە پێش بە خەیاڵپلاویی دەگرن.
- با لەڕێگەی ستایشکردنی یەزدانەوە، لاساریی و خراپیی دەروونیی خۆمان بەرزەفت بکەین.

"گاتا_٣٣_٤"

- بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان، دەبێ هەوڵی ناسینی هانای دەروونیی خۆمان بدەین.
- ئامانجی ژیان و بوون نزیککەوتنەوەیە لە یەزدان؛ لەڕێگەی ڤەهوومەنە و ئەشا و هانای دەروونەوە.
- نزیککەوتنەوە و گەیشتن بە ئاهوورا مەزدا، ئامانجی ژیان و بوونە.
- تەمەندرێژیی و تەندروستیی، دیاریی سرووشە بۆ چاکەکاران.

"گاتا_٣٣_٥"

- سروودهۆنێکی ڕاستگۆ، کە دەروونی بە زێوەری زانایی ڕازابێتەوە، دۆستی یەزدانە.
- پێشەوا و ڕێپێشاندەری خەڵك، دەبێ خودان سرشتی پاك و زمانی شیرین و ئاوەزمەندیی بێت.
- ئاواتی مرۆڤی ژیر، دیداری دۆست و گفتوگۆی ناخەکییە لەتەك یەزداندا.

"گاتا_٣٣_٦"

- ئەو کاتە هەمووان متمانەت پێدەکەن، کە تیشکی ڕۆشنایی ئەهوورایيت لە ناخی خۆتدا گەشتر کردبێت.

- قسەکانت بە تیشکی ڕاستیی و بە سرشتی چاکەوە دەرببڕە، تا هەمووان بە دڵ گوێت لێ بگرن.
- نیایشی مرۆڤ دەبێ شایستەی خواوەند بێت.

**"گاتا_٣٣_٧"**

- لەبەر تیشکی ئەندێشەی چاکدا ئامانج و ئارەزووی ئاهوورایی پەیڕەوی بکەن.
- بە یاریدەی ڤەهوومەنە دەتوانین پەی بە نهێنیی بوون بەرین.
- پێگەیشتوویی و جاویدانیی، بەرهەمی نوێژی ڕاست و نیایشی پاکە لەگەڵ پەروەردگاردا.

**"گاتا_٣٣_٨"**

- ئاوەزمەندی و دڵئاگایی، مرۆڤ لە ناسینی مەزدا و سەرچاوەی ڕاستیی نزیك دەکەنەوە .
- پەیژەی عیرفان لە ڤەهوومەنەوە دەستپێبکەین، تا دەگەینە خورداد و ئەمورداد.

**"گاتا_٣٣_٩"**

- خۆشیی و ئاسوودەیی ژیان بۆ چاکەکاران، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژیان، بەهۆی ڕەحمەت و دلۆڤانیی ئاهوورامەزداوە مەیسەر دەبێت.
- ئاهوورا مەزدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی، خۆشی و ئاسوودەیی بۆ چاکەکاران دەستەبەر دەکات.
- بە میهری ئاهوورایی و هاوڕێیەتیی چاکەکاران، دەگەینە ئاسوودەیی و بەختەوەریی.

**"گاتا_٣٣_١٠"**

❖ ئەو کاتەی پاداشتی کردەوەکانی مرۆڤ دەدرێتەوە، بەخششی ڤەهوومەنە و ئەشا و خشەترا و سپەنتە ئارمەیتی ڕۆڵی سەرەکییان دەبێت.
❖ هێـزی ئـاهوورایی ئە و پاداشـتەیە، کە بەهـۆی ڤەهـوومەنەوە دەبەخشـرێتە نیایشە ڕاستگۆ و پاکەکان.
❖ ئە و پاداشتەی ڤەهوومەنە دەیبەخشێتە نیایشکارە دڵ ئاگاکان، هەمان هێزی ئاهوورایییە.
❖ ئەندێشەی مرۆڤی پاك و پارێزکار، دەبێتە جیلوەگای میهری ئاهوورایی.

**"گاتا_٣٣_١١"**

❖ خواوەندی بەئاگا و تیژبین، شادیی و بەختەوەریی بۆ مرۆڤ ئەفراندووە.
❖ بەهۆی ڤەهوومەنەوە، دڵ و گیانی مرۆڤی پاك و پارێزکار ڕۆشن دەبێتەوە.

**"گاتا_٣٣_١٣"**

❖ لە ڕێـگەی ئـایینی ڕاسـتیی و ئـاوەزدا، جەسـتە و گیـانی مـرۆڤ دیـارییەکی هەرزانە.
❖ خۆشـنوودیی ئـاهوورامەزدا بەهـۆی زمـان و کـرداری ڕاسـتەوە دەسـتەبەر دەبێت.

**"گاتا_٣٣_١٤"**



# گاتا - ٣٤

- ❖ سروودی ستایشی خۆمان به زمان و كرداری چاكەوە پێشكەشی ئاهوورا بكەین.
- ❖ نیایشی پاك و ڕاستگۆیانە، بنەمای ڕاستیی و پارێزكاریی و جاویدانییە.
- ❖ پەیڤی دڵنشین و كردەوەی چاكی بنیاتنەر، جوانترین جیلوەی ستایشی خواوەندە.

"گاتا_٣٤_١"

- ❖ سروودی پاك و نیایشی دڵپاكانە، مرۆڤ لە خواوەند نزیكتر دەكاتەوە.
- ❖ مرۆڤی پارێزكارو بیرچاك گیانی خۆی ئاوێتەی ڕاستیی دەكات.
- ❖ گەورەترین نیازی مرۆڤ لە نزادا، دركپێكردنی نووری ڕاستییە.

"گاتا_٣٤_٢"

- ❖ بەجۆرێك نزا بكەین كە شایستەی خواوەند و لە ڕێبازی ڕاستییدا بێت.
- ❖ لەسای سرشتی چاك و بە یاریدەی هێزی شەهریوەر دەگەینە پێگەیشتوویی.
- ❖ مرۆڤی زانا و ڕۆشنبین، هەردەم دەسەڵاتی شەهریاریی بەسەر خۆیدا هەیە.

"گاتا_٣٤_٣"

❖ بــا خوازيــاری ڕووناكــايی ئــاهوورايی بــين، كه له‌به‌ر تيشــكی ڕاســتييدا ده‌دره‌وشێته‌وه.
❖ كڵپه‌ی ئاگر، په‌يامهێنی ڕاستيی و دادوه‌رييه.
❖ ڕووناكايی ئاهوورايی په‌ره به چاكه ده‌دات و خراپه دوور ده‌خاته‌وه.

"گاتا_٣٤_٤"

❖ هێز و توانايی چاره‌ساز له ئاهوورا مه‌زداوه‌يه.
❖ ئه‌گه‌ر ده‌مــانه‌وێ له يه‌زدان نزيــك ببيــنه‌وه، بــا ڕاســتيی و بيــری چــاك هه‌ڵببژێرين.

"گاتا_٣٤_٥"

❖ پارێزكاران و چاكه‌كاران، به‌ره و خواوه‌ند ده‌گه‌ڕێنه‌وه.
❖ بۆ گۆڕينی ژيان، يارمه‌تی له يه‌زدان، ڤه‌هوومه‌نه و ئه‌شا بخوازين.

"گاتا_٣٤_٦"

❖ يــارانی مه‌زدا، له‌وپه‌ڕی ســه‌ختی و په‌رێشانيشــدا، هه‌ر به سرشــتی چــاكه‌وه په‌ره به ئايينی ڕاستيی ده‌ده‌ن.
❖ له‌به‌ر تيشكی ئه‌شادا مرۆڤ ده‌گاته يه‌زدان.

"گاتا_٣٤_٧"

❖ درۆخوازان به وێرانكاريی و خراپه‌كاريی، ترس ده‌خه‌نه دڵی خه‌ڵك.
❖ كه‌چئه‌ندێشه‌كان له تيشكی ڕاستيی ده‌ترسن و بێزارن.

"گاتا_٣٤_٨"

- سپەندارمەز، تیشکی لێبوردەیی و خاکەڕایی لە مرۆڤدا پرشنگدارتر دەکات.
- بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی، پێویستە تیشکی زانست لە دڵی خۆماندا گەشتر بکەینەوە.

"گاتا_٣٤_٩"

- عەشق و ئیمان بە ئاهوورا مەزدا دەسپێکی ڕێگای ڕاستییە.
- کەچئەندێشەکانیش لە کۆتاییدا پەی بە شەهریاریی مینویی یەزدان دەبەن.

"گاتا_٣٤_١٠"

- بەهۆی خورداد و ئەمورداد‌ەوەیە کە مرۆڤ بەهرەمەند دەبێت لە ڕۆشنایی ئاهوورایی و کرانەوەی دەروونیی.
- بە یارمەتی ڤەهوومەن و ئەشا و خشەترا و سپەندارمەز، دەگەینە خورداد و ئەمورداد و سەرەنجام ڕۆشنایی.
- ڕێگەی ناسینی خواوەند، دوای پەرەپێدانی سرشتی چاك، هەمان ڕاستیی و خاکەڕایی و پێگەیشتوویی فکرییە.

"گاتا_٣٤_١١"

- پەروەردگارا، لەسایەی ڕاستییدا ڕێگەی سرشتی چاك و خۆناسینمان پێ بنوێنە.

"گاتا_٣٤_١٢"

- ❖ هەر کارێك بەپێی ڕێسای ڕاستیی ئەنجام بدرێ، شادیهێن و شادیبەخشە.
- ❖ خزمەتکردنی خەڵك دەبێتە هۆی زیادبوونی شادیی و دڵخۆشیی.
- ❖ کردەوەی مرۆڤ لەبەر تیشکی ڕاستییدا شادیی و دڵخۆشیی دەبەخشێت.

**"گاتا_٣٤_١٣"**

- ❖ پاداشتی چاکی ئەهوورامەزدا بۆ ئە و کەسانەیە، کە بە سرشتی چاکەوە کار دەکەن و پەرە بە ڕاستیی دەدەن.
- ❖ بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانیی جیهان، پێویستە کردەوەی خۆمان ئاوێتەی ئاوەزمەندیی بکەین.
- ❖ گەشەپێدانی ڕاستیی، پاداشتی چاکیی ئەهوورا مەزدای بەدواوەیە.

**"گاتا_٣٤_١٤"**

- ❖ لە ناخی خۆتاندا چاکترین زمان و کردار بپەروەرێنن.
- ❖ با خۆمان لەسەر زمان و کرداری چاك ڕابهێنین و خووی پێوە بگرین.

**"گاتا_٣٤_١٥"**



# گاتا - ٤٣

- بەختەوەریی بۆ کەسێکە کە خوازیاری بەختەوەریی خەڵکانی دیکە بێت.
- پاداشتی ژیانی چاك و دڵپاکانە، تیشکی یەزدانیی و دڵڕۆشنییە.

**"گاتا_٤٣_١"**

- باشترین پاداشت بە کەسێك دەبەخشرێت، کە ئاسایشی خەڵکانی دیکە دابین بکات.

**"گاتا_٤٣_٢"**

- باشترین چاکە بە و زانایە دەگات، کە ڕێگەی ڕاست و دروستی ژیان بە مەبەستی بەختەوەریی پێشانی خەڵکی دیکە بدات.
- ئەی ئاهوورا... خوازیارانی تۆ لەسایەی زانستی چاك و پارێزکاریدا بە تۆ دەگەن.
- لە سایەی زانست و پارێزکاریدا دەگەینە ئاهوورا.

**"گاتا_٤٣_٣"**

- ئەو کاتەی چاکەکاران و خراپەکاران، هەریەکە پاداشت و سزای خۆیان وەردەگرن، هێز و پاکیی و چاکەی ئاهوورا مەزدا دەردەکەوێت.
- ڕۆشنایی ئاهوورایی لە تیشکی ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، تا چاکەکاری و سرشتی چاك لە ناخی مرۆڤدا گەشە پێبدات.

"گاتا_٤٣_٤"

- ئاهوورا مەزدا سەرەتا و سەرچاوەی بوون و گەشەپێدەری ئافرانە.
- پاداشتی چاکەکان و سزای خراپەکان، کاردانەوەی ژیانە و بەشێکە لە دەسەڵاتی ئاهوورا.

"گاتا_٤٣_٥"

- کاتێ ئاوەزی پیرۆزی مەزدا لەناخی کەسێکدا جێگیر ببێت، ئەوا سرشتی چاك و شەهریاریی مینوویی لە دڵی ئە و کەسەدا دەردەکەوێت.

"گاتا_٤٣_٦"

- لە کاتی شك و گوماندا چا و لە درەوشانەوەی یارمەتیی ڤەهوومەنە ببڕین.

"گاتا_٤٣_٧"

- با هێزی خۆمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەچئەندێشی و پەرەپێدانی ڕاستیی بخەینەگەڕ.
- با یارمەتیی ئەشیڤەن بدەین و دژی درنجەکان بووەستینەوە.

"گاتا_٤٣_٨"

❖ با هەردەم لەسەر ئایینی ڕاستیی و دروستیی بین.
❖ با ڕوو لە ڕۆشنایی خواکرد نیایش بکەین.
❖ با ڤەهوومەنە لە ناخی خۆماندا پەروەردە بکەین، تا ڕۆشنایی دڵمان گەشە بکات.
❖ با ڕۆشنایی دڵمان لەسای ڤەهوومەنەدا دەستەبەر بکەین.

"گاتا_٤٣_٩"

❖ لووتکەی خواست و ئارەزووی مرۆڤی چاك هەمان گەیشتنە بە ئەشا.
❖ تاقیکاریی کۆتایی بە ستایشی ئاهوورا مەزدا دێتە ئاراوە.
❖ لە تاقیکاریی ئاهوورایيدا هێزی مینویی لە ناخی مرۆڤدا بەتینتر دەبێت.
❖ بۆ پتەوتربوونی هێزی مینوویی ناخمان، دەبێ بیر لە تاقیکاریی ئاهوورایی بکەینەوە.

"گاتا_٤٣_١٠"

❖ بەهۆی میهری ئاهوورایيیەوە، هەردەم ڤەهوومەنە بەهانای مرۆڤەوە دێت.
❖ وا بژی کە ئاوەزی پێگەیشتوو لێت دەخوازێ، نەك بەو شێوەیەی کە کۆمەڵێکی درۆیین پێی خۆشە.

"گاتا_٤٣_١١"

❖ زەردەشت هەڵبژێردرا، تا بەهۆی ئیلهامێکی ئاهوورایيیەوە و لەبەر تیشکی ڕۆشنایی هزردا، پەرە بە ئایینی ڕاستیی بدات.
❖ با ئایینی ڕاستیی گەشە پێ بدەین، تا کامەران بین.
❖ پەیڕەویکردنی زەردەشت هەمان گەشەپێدانی ئایینی ڕاستییە لەڕێگەی بیرکردنەوەی ئاهوورایيیەوە.

"گاتا_٤٣_١٢"

- ❖ نـووری هەقـیقەت لە دڵـی ئەوانەوە دەڕژێـت، کە سرشـتی چـاك لە نـاخی خۆیاندا پەروەردە دەکەن.
- ❖ دڵئاگایی بەرهەمی گەشەی سرشتی چاکە.

"گاتا_٤٣_١٣"

- ❖ ئەو شـادیی و دڵخۆشـییەی لە شـەهریاریی ئـاهوورایییەوە پێمـان دەگـات، لەسایەی ڕاستییدا دەستەبەر دەبێت.
- ❖ لەبەر تیشکی ڕاستییدا دەگەینە شادیی و دڵخۆشیی ئاهوورایی.

"گاتا_٤٣_١٤"

- ❖ باشترین ڕێگای دەستەبەرکردنی زانست و ڕوانگەی مینوویی، بیرکردنەوەیە لە ئارامیدا.
- ❖ ڕێبەر و پێشەوای شایستە، هیچکات شوێنکەوتوانی درۆ خۆشحاڵ ناکات.
- ❖ بیرکـردنەوە لە ئـارامیی و بێـدەنگی و تەنیاییـدا، دەبێـتە هـۆی زانـایی و تێگەیشتن.

"گاتا_٤٣_١٥"

- ❖ پاداشـتی ئـاهوورایی بەو کەسـە دەبەخشـرێت، کە کردەوەکـانی بەپێـی ئاوەزمەندیی و سرشتی چاك بن.
- ❖ بەهێزبوون لە ژیاندا لە ڕاستیی و دروستییەوە سەرچاوە دەگرێت.

"گاتا_٤٣_١٦"



# گاتا - ٤٤

- ❖ خوازیارانی ئاهوورا بە خاکەڕاییەوە نیایش دەکەن.
- ❖ نیایشی تایبەتی خوازیارانی ئاهوورا هەمان خاکەڕاییە.

**"گاتا_٤٤_١"**

- ❖ سەرەنجامی ژیانی پارێزکارانە، بەختەوەریی هەردوو جیهانە.
- ❖ پاداشتی چاك بەشی ئەو کەسەیە، کە بۆ بەختەوەریی گیانی ئەوانی دی تێدەکۆشێت.

**"گاتا_٤٤_٢"**

- ❖ زانستی یەزدانیی، نهێنیی هەمو و دیاردەکانی بوون ئاشکرا دەکات.

**"گاتا_٤٤_٣"**

- ❖ هێزی ئاهوورایی، گەشەدەری سرشتی چاکە لە مرۆڤدا.

**"گاتا_٤٤_٤"**

- ❖ زانای بیرمەند، لە ئامانجی ژیان ئاگادارە.

**"گاتا_٤٤_٥"**

❖ جیهانی بوون، پڕبەر و شادیهێنە، گەر بەڕاستیی و دروستی درك بکرێت.

"گاتا_٤٤_٦"

❖ بێداریی ئەندێشەی پاکی مرۆڤ، شایەتی دەدات، کە یەزدان ئەفرێنەری جیهانی بوونە.

❖ ئاهوورا مەزدا بەپێی بیرکردنەوەی دروستی مرۆڤ، لە پێگەی ئەفرێنەری بووندایە.

"گاتا_٤٤_٧"

❖ ئامانجی مینووی ژیان، هەمان ئارامیی و شادییە بۆ گیان.

"گاتا_٤٤_٨"

❖ دینداریی، هەمان خاوەنداریێتی و هەبوونی ویژدانێکی پاك و بەئاگایە.

"گاتا_٤٤_٩"

❖ ئایینێك کە هاوهەنگاو بێت لەگەڵ ڕاستییدا، دەبێتە یارمەتیدەری گەشەی جیهانی بوون.

❖ ڕاستیی، هەردەم و بەردەوام سەردەکەوێت.

❖ بەرهەمی چاکی ئایینی ڕاستیی، گەشەی جیهانە بە ئارامیی و پارێزکاریی.

"گاتا_٤٤_١٠"

❖ کەسانێك بە پارێزکاریی و ئارامیی دەگەن، کە ڕێگەی ڕاستییان هەڵبژاردبێت.

❖ من، زەردەشت، یەکەم مامۆستای ڕاستییم.

"گاتا_٤٤_١١"

❖ ئاوەزی پێگەیشتو و لە کۆمەڵگەیەکی درۆییندا جێی نابێتەوە.
❖ با خۆمان لە درۆ بەدوور بگرین.

**"گاتا_٤٤_١٣"**

❖ بە هۆی پەیڤی مانترەوە دەکرێ پەیڕەوانی درۆ ڕێنمایی بکرێن بەرەو ڕێگای ڕاست.
❖ کاریگەرترین هۆکاری هێنانی درۆخوازان بۆ سەر ڕێی ڕاستیی، هەمان مانترەیە.

**"گاتا_٤٤_١٤"**

❖ سەرەنجام، سەرکەوتن هەر بۆ پەیڕەوانی ئایینی ڕاستییە.

**"گاتا_٤٤_١٥"**

❖ پەیڤێك شیرین و دڵنشینە، کە سەرچاوەکەی هەمان ڕاستیی بێت.
❖ ڕاستیی سەرچاوەی زمانی شیرین و پەیڤی دڵنشینە.

**"گاتا_٤٤_١٧"**

❖ لەسایەی ئەشادا، هەر دە هەستەکەی ناخ و جەستەی مرۆڤ پێکەوە پێدەگەن و گەشە دەکەن.
❖ بەهۆی بەرزەفتکردنی هەر دە هەستەکەی بوونمان، دەگەینە ڕۆشنایی و پێگەیشتن.

**"گاتا_٤٤_١٨"**

❖ بـا هەوڵ بـدەین بـۆ دەسـتەبەرکردن و بەدیهێنـانی ئـارەزووی پەنەوازیـیە ڕاستگۆکان.

**"گاتا_٤٤_١٩"**

❖ بیر و خەیاڵی ناڕاست و نادروست، دەبنە هۆی وێرانیی.

**"گاتا_٤٤_٢٠"**



# گاتا - ٤٥

- ❖ مامۆستای خراپ، ژیان تێکدەدات و لە نێوی دەبات.
- ❖ جیلوە و خۆنواندنی درۆ، فریودەرە.

"گاتا_٤٥_١"

- ❖ دو و گەوهەری هاوزا و دژبەر، لە سەرەتای ئافرانەوە بوونەتە هۆی گەشەی ژیان.
- ❖ سرشت و زمان و کردار و ناخ و دینی هەمو و کەسێك لەژێر کاریگەریی هەرکام لە و دوو گەوهەرە دژبەیەکەدا چاك یان خراپ دەبێت.

"گاتا_٤٥_٢"

- ❖ ئەو کەسەی پەیامی ئەندێشەورووژێنی ئاهوورایی وەرنەگرێت و کاری پێ نەکات، سەرەنجامێکی خەمناکی دەبێت.

"گاتا_٤٥_٣"

- ❖ ئاهوورا مەزدا، ئاگاداری هەمو و شتێکە، کەس ناتوانێ ئەو چەواشە بکات.

"گاتا_٤٥_٤"

- ❖ کەسێك دەگاتە لووتکەی پێگەیشتوویی و جاویدانیی، کە گوێی دڵ بسپێرێتە هانای ویژدانی خۆی.
- ❖ ئامانجی کۆتایی مرۆڤ، درکپێکردنی نووری ڕاستیی و نزیککەوتنەوەیە لە خواوەند.
- ❖ خوازیارانی ئاهوورا، کردەوەی خۆیان بەپێی ئەندێشەی چاك، هەماهەنگ دەکەن.
- ❖ من، زەردەشت، نێردراوی یەزدانم بۆ گەیاندنی پەیڤ و ئەندێشەی چاك.

**"گاتا_٤٥_٥"**

- ❖ خواوەندی تاقانە، لە هەموان مەزنتر و پیرۆزترە.
- ❖ چاك بیرکردنەوە شێوازێکە بۆ نیایشی پەروەردگار.
- ❖ دڵڕۆشنی لەسایەی ئاوەزمەندیدایە
- ❖ لەبەرتیشکی ئاوەزمەندیدا دەگەینە دڵڕۆشنی.

**"گاتا_٤٥_٦"**

- ❖ با بەختەوەریی خۆمان لە خۆشنوودیی خوادا ببینینەوە.
- ❖ پارێزکاریی و چاکەکاریی دەبێتە هۆی شادیی ناخ و گیان.
- ❖ درۆخواز بەردەوام لە ڕەنج و حەسرەتدا دەژی.
- ❖ خۆشنوودیی ئاهوورا شادیبەخشە.

**"گاتا_٤٥_٧_**

- ❖ ئەگەر چاوی دڵ بکرێتەوە، ئەوا جیلوەی ئاهوورایی بە ئاشکرا دەبینرێت.
- ❖ با ستایش و نیایشی خۆمان بە پاکیی و بێ ڕیایی پێشکەشی یەزدان بکەین.

**"گاتا_٤٥_٨"**

- مرۆڤ، له خواوەند خوازیاری هێز و گوڕی کار و خزمەتکردنە.
- خۆشنوودیی خواوەند لە پەیڕەویی سرشتی چاکدایە.
- سرشتی چاك ڕێگەیەکە بۆ بەدەسهێنانی خۆشنوودیی خواوەند.

"گاتا_٤٥_٩"

- با پارێزکارانە ستایشی پەروەردگاری بوون بکەین.

"گاتا_٤٥_١٠"

- با بەرەنگاری درۆخواز ببینەوە تا خواوەند پشتوپەنامان بێت.

"گاتا_٤٥_١١"



# گاتا - ٤٦

- که درۆ له وڵاتێکدا بایەخی پێ درا، ئه و وڵاته بەجێ بهێڵن.

"گاتا_٤٦_١"

- له سایەی ڕاستیدا، دەکرێ به سەرمایەی سرشتی چاك بگەین.

"گاتا_٤٦_٢"

- با تەنها بیرکردنەوه و ڕاهێنان و ئایینی ئاهوورایی هەڵبژێرین.

"گاتا_٤٦_٣"

- پەیڕەوانی درۆ له گەشه و ئاوەدانیی جیهان دەترسن.
- گیانفیدایی لەپێناو نەهێشتنی درۆ و به مەبەستی گەشەی ڕاستیی، بایەخێکی پیرۆزی مرۆییه.
- فیداکاری لەپێناو گەشەی ڕاستیی و چاکەدا لووتکەی بایەخی ژیانی مرۆڤانەیه.

"گاتا_٤٦_٤"

- لووتكەی چاكەكاریی پەیڕەوانی ڕاستیی، هەمان ڕێنمایی و هێنانەسەرڕێی ڕاستیی گومڕاكانە.
- یاریدە و دەسگیرۆیی پەنەوازان، شادیی ژیانە.

"گاتا_٤٦_٥"

- دژی خراپەكاران و دۆستی چاكەكاران بن.
- با یاریدەدەر و پاڵپشتی چاكەكاران بین.

"گاتا_٤٦_٦"

- ڕۆشنایی ئاهوورایی دەتوانێ پێش بە زیانەخرۆیی درۆخوازان بگرێت.
- لە سایەی زاناییدا، ئایینی ڕاستیی گەلێ ڕووناكیبەخشە.

"گاتا_٤٦_٧"

- خراپە، بۆ خودی خراپەكاران دەگەڕێتەوە.

"گاتا_٤٦_٨"

- زیاتر لە هەرچی و هەركەس، پەروەردگار شایستەی ستایشی پاك و چاكە.

"گاتا_٤٦_٩"

- هێز و توانایی ژن و پیاو لەسایەی ئاوەزمەندیی و كرداری چاكدایە.
- چاكەكاران، لە گوزەرگەی داوەریی كۆتایی ژیاندا سەرفرازن.

"گاتا_٤٦_١٠"

- ویژدانی مرۆڤی درۆخواز لە سەروەختی داوەریی، لە گوزەرگەی مینوویدا شەرمەزارە.

❖ کاتی داوەریی لە گوزەرگەی مینوورییدا ویژدانی مرۆڤی خراپەکار شەرمەزار دەبێت.

"گاتا_٤٦_١١"

❖ شایستەیی سەرکردەکانی وڵات لە پاکیی و هەوڵدانیان بۆ گەشەی ژیان و ئاوەدانیی وڵات دەردەکەوێت.

"گاتا_٤٦_١٢"

❖ بە پەیڕەویکردنی جیهانبینیی زەردەشت، دەتوانین بگەینە کامەرانیی.
❖ بەختەوەریی لە پەیڕەویکردنی جیهانبینیی زەردەشتدایە.

"گاتا_٤٦_١٣"

❖ دلێریی سەرکردەکان لە چاکەکاریی ئەواندایە.
❖ پەیڤێک بە گوێی دڵ دەبیسترێت، کە لە سرشتی چاکەوە سەرچاوەی گرتبێت.

"گاتا_٤٦_١٤"

❖ با گوێی دڵ بسپێرینە باشترین پەیڤەکان، تا بتوانین زانا لە نەزان جیابکەینەوە.

"گاتا_٤٦_١٥"

❖ لە وڵاتێکدا بژین کە فەڕو شکۆی دینی مەزدایی تێدا ببینرێت.

"گاتا_٤٦_١٦"

- ئاهوورا مەزدا پشتیوانی ئەو کەسەیە، کە بەهانای ویژدانی خۆی، چاکە لە خراپە جیابکاتەوە.
- ئاهوورا مەزدا پارێزەری دیندارەکانە.

**"گاتا_٤٦_١٧"**

- چاکە لەگەڵ دۆستەکانماندا بکەین و لەگەڵ دوژمنەکانیشمان دادوەرانە بجووڵێینەوە.
- لەگەڵ خراپەکان بە دادوەری و لەگەڵ چاکەکانیش بە چاکە هەڵسوکەوت بکەین.

**"گاتا_٤٦_١٨"**

- ئاواتی زەردەشت بنیاتنانی جیهانێکی نوێ و ئاوەدان و ئاوەزمەندانەیە.

**"گاتا_٤٦_١٩"**



# گاتا - ٤٧

- خواوەنـــد لەســـایەی شـــەهریاریی و میهـــری خۆیـــدا نەمریـــی و جاویـــدانیی دەبەخشێتە چاکەکاران.
- گەیشتن بە جاویدانیی، هەمان پێوانەی ڕێگای عیرفانە.
- چاکەکاران دەگەنە جاویدانیی.

**"گاتا_٤٧_١"**

- با زمانمان بەپێی بیری چاك بێت و کردەوەکانیشمان لەسایەی میهر و ئیماندا بن.

**"گاتا_٤٧_٢"**

- ئەگەر هەمـووان سرشـتی چـاك و پـاك بـکەنە پیشـەی خۆیـان، ئەوا ئیمـان و ئارامیی لە جیهانی شادیبەخشدا گەشە دەکات.

**"گاتا_٤٧_٣"**

- بەدکارەکان، لەبەر ئەوەی پەیڕەویی سرشتی چاك ناکەن، هەردەم لە ڕەنج و ئازاردان.
- چاکەکاریی هەژار گەلێ لە خراپەکاریی ساماندار باشتر و بەڕێزترە.
- دارایی و سامانی درۆخواز زۆر بێ نرخ و بێ بەهایە.

**"گاتا_٤٧_٤"**

❖ درۆخوازان، بێبەشن لە میهری یەزدانیی.
❖ ئاهوورا مەزدا دۆست و یاوەری چاکەکارانە.

"گاتا_٤٧_٥"

❖ لە ســای ئەندێشــەی پــاك و ڕووناکــایی ئاهوورایيــدا چاکەکــاران پاداشــت وەردەگرن و خراپەکاران سزا دەدرێن.
❖ خوازیارانی ناسینی ئاهوورا، پەرە بە ڕاستیی و پارێزکاریی دەدەن.

"گاتا_٤٧_٦"

# گاتا – ٤٨

- سەرەنجام، ڕاستیی بەسەر درۆدا سەردەکەوێت.
- هۆگریی و حەزی چاکەکاریی، بەخششی ئاهوورایی بە دواوەیە.
- بڕوا بە خواوەند، پەیوەستە بە سەرکەوتنی ڕاستییەوە.

**"گاتا_٤٨_١"**

- پێش هەرجۆرە بیرکردنەوەیەك، دڵنیابن لە سەرکەوتنی ڕاستیی.
- شاکاری مرۆڤ لە ژیاندا، هەڵبژاردنی ڕاستییە لە ئەندێشەدا.

**"گاتا_٤٨_٢"**

- باشترین ڕاهێنان بۆ زانایان، ناسینی خواوەندە.
- لەڕێگەی کردەوەیەکەوە، کە شایستەی سرشتی چاك بێت، دەکرێ بگەینە بەختەوەریی.
- بەهۆی زانایی و ئاوەزەوە دەکرێ خواوەند بناسین.
- بەختەوەریی لە سایەی چاکەکاریدا مسۆگەر دەبێت.

**"گاتا_٤٨_٣"**

- پێناسەی مرۆڤ بەستراوە بە چاك یا خراپیی ئەندێشەی خۆیەوە.
- هەرچی دێتە ڕێمان، بەرەنجامی چاکی یا خراپیی ئەندێشەی خۆمانە.

**"گاتا_٤٨_٤"**

❖ دەخوازین شەهریاری چاکەکار و بەهرەمەند لە زانایی و پارێزکاریی، ببنە سەرکردەی وڵات.
❖ پێشکەوتن و گەشەی جیهان و بوون، بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤەوەیە.
❖ با خەڵکانی دیکە بەرە و زانایی و ڕووناکیی ڕێنمایی بکەین.

"گاتا_٤٨_٥"

❖ باشترین پەناگەی مرۆڤ، ئاوەزی گەشەکردووە.
❖ ئاوەدانی و سەرسەوزیی زەوی، خواستی ئاهوورایییە.

"گاتا_٤٨_٦"

❖ بیرچاکان، بەردەوام بیر و ئەندێشەی خۆیان لە ڕق و تووڕەیی خاوێن دەکەنەوە.
❖ بەوپەڕی هێز و توانایییەوە لەبەرانبەر ستەمدا بوەستنەوە.
❖ جوامێرەکان، بەردەوام لەڕێگای گەشە و سەرکەوتنی ڕاستییدا هەنگاو دەنێن.

"گاتا_٤٨_٧"

❖ پڕبەهاترین و هێژاترین پەنەوازی (نیاز، احتیاج)ی مرۆڤ، بەهرەمەندییە لە هێزی ئاهوورایی.
❖ هێزی مینویی ئاهوورا، بەنرخترین خواستی مرۆڤە.

"گاتا_٤٨_٨"

❖ مرۆڤە سوودبەخشەکان، ئاگادارن لە پاداشتی کارە چاکەکانی خۆیان.

"گاتا_٤٨_٩"

❖ مرۆڤی وشیار، هیچ حەزێكی بۆ نزیكبوونەوە لە خراپە و ناشایستەیی تێدا نیە.

"گاتا_٤٨_١٠"

❖ با خواست و داواكاریمان لە خواوەند، خێزان و بنەماڵەیەكی چاك و ڕاست و دروستكردار و پارێزكار بێت لە ژینگەیەكی ئاوەداندا.

"گاتا_٤٨_١١"

❖ بۆ ئەوەی ببینە ڕێبواری ڕێگای ئاهوورایی، پێویستە دڵنەرمیی و لێبوردەیی لە ناخماندا بچێنین و ڕق و تووڕەیی لە دڵماندا بسڕینەوە.

❖ با ئەركەكانی خۆمان بەپێی ئەندێشەی چاك و سرشتی پاك جێبەجێ بكەین.

"گاتا_٤٨_١٢"



# گاتا – ٤٩

❖ بەهـۆی هێـزی ئـاهوورایییەوە، کە لە سرشـتی چـاکەوە سـەرچاوە دەگرێـت، بەسەر دوژمناندا سەردەکەوین.

❖ سرشتی چاك، بەرهەمی هێزی ئاهوورایییە.

"گاتا_٤٩_١"

❖ سـەرکردەی گـومڕا، لە ڕاسـتیی و پارێزکـاریی دوور دەکەوێـتەوە و جەمـاوەر فریو دەدات و بەرە و گومڕاییان ئاراستە دەکات.

"گاتا_٤٩_٢"

❖ بنـاغەی مەزدیەسـنا بەسـەر ڕاسـتیی و دروسـتییەوە دانـراوە، هەربـۆیە ڕزگاریدەرە.

❖ با جەماوەر لە تێکەڵبوون لەگەڵ درۆخوازان دوور بخەینەوە.

"گاتا_٤٩_٣"

❖ پەیقینی نادروستی مرۆڤی کەچئەندێش، ڕق و قینی بەدواوەیە.

"گاتا_٤٩_٤"

- با بیر لە گەیشتن بە هەرێمی جاویدانیی ئاهوورایی بکەینەوە.
- بەهۆی پارێزکاریی و لە سایەی زاناییدا دەگەینە هەرێمی جاویدانیی ئاهوورا.

**"گاتا_٤٩_٥"**

- با دینی ئاهوورایی بە جیهان بناسێنین.

**"گاتا_٤٩_٦"**

- بە سرشتی چاك و دڵی ڕۆشنەوە دەتوانین سوود لە پەیامەکانی پەیامبەرمان وەربگرین.

**"گاتا_٤٩_٧"**

- چاکترین بەخشینی ئاهوورایی بۆ مرۆڤ، هەمان پێگەیشتوویی و ئارامیی و پەیوەستبوونە بە ڕاستییەوە.
- خزمەتکردنی خەڵك واتە دۆستایەتیی خواوەند.

**"گاتا_٤٩_٨"**

- پەیڕەوانی ڕاستیی، هیچکات توخنی درۆخوازان ناکەون.
- چاکترین پاداشت لە ڕۆژی پەسڵاندا، بۆ پەیڕەوانی ڕاستییە.

**"گاتا_٤٩_٩"**

- جێگەی ڕەوانی ڕاستییخواز و دروستکاران، لە بارەگای ڕووناکی ئاهووورادایە.
- بارەگای ڕووناکی ئاهوورا جێگەی شایستە و پڕشکۆی ڕەوانی ئەشەڤەنەکانە.

**"گاتا_٤٩_١٠"**

❖ ڕەوانی بەدکارە درۆخوازەکان، هەمان دۆزەخ و تاریکستانی درۆیە.

**"گاتا_٤٩_١١"**

❖ با یارمەتی لە ڤەهوومەن و ئەشا وەربگرین.
❖ با ستایش پێشکەشی پەروەردگار و، ئافەرین ئاراستەی ئەفرێنراوە چاکەکانی بکەین.
❖ ستایش و ئافەرین ناردن بۆ ئەفرێنراوە چاکەکان، باشترین دیارییە بۆ ئاهوورا.

**"گاتا_٤٩_١٢"**



# گاتا – ٥٠

❖ خواستەکانی خۆتان بە دڵێکی پاك دەرببڕن.

**"گاتا_٥٠_١"**

❖ ئەو کەسە بە شادیی و دڵخۆشیی دەژی، کە هەوڵی ئاوەدانیی و شادبوونی جیهان بدات.

**"گاتا_٥٠_٢"**

❖ کەسێك دەگاتە سەرچاوەی ڕاستیی و پاکیی، کە لە سایەی سرشتی چاکدا یارمەتی لە سرشتی چاك و هێزی مینوویی وەربگرێت.

**"گاتا_٥٠_٣"**

❖ بەهەشتی ڕێبوارانی ڕێگەی ڕاستیی، بارەگای سروود و شادمانییە.

**"گاتا_٥٠_٤"**

❖ پاڵپشتیکردنی پەیامی ڕاستییخوازانەی پەیامبەر، ڕێگایەکە بەرە و ڕۆشنایی و بەختەوەریی.

❖ ڕۆشنایی و بەختەوەریی، بەرهەم و سەرەنجامی پەیڕەویکردنە لە پەیامی ڕاستییخوازانەی ئەشوو زەردەشت.

**"گاتا_٥٠_٥"**

- با سروودی ستایشی خۆمان به دەنگی بەرز و پەیڤی دڵنشینەوە پێشکەشی خواوەند بکەین.
- با زمانی خۆمان لەسەر پەیڤی جوان و دڵنشین و بیرمەندانە ڕابهێنین.

"گاتا_٥٠_٦"

- با ڕاست و دروستکاران چاوەڕێی پشتیوانی و یاریدەی ئاهوورا بن.
- نیایشی ڕاست و پاك، ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئاهوورا.

"گاتا_٥٠_٧"

- ئەفراندنی هونەر، هەمان پەیڕەویکردنی سرشتی چاکە.
- بۆ نیایشەکانمان، دەستمان هەڵببڕین و سروودی گاتاکان بڵێینەوە.

"گاتا_٥٠_٨

- با سروودی ستایشەکانمان بە ڕاستگۆیی و سرشتی چاکەوە پێشکەشی ئاهوورا مەزدا بکەین.
- پێویستە بەردەوام فێری زانست ببین، تا لە ئاواتەکانمان نزیك ببینەوە.

"گاتا_٥٠_٩"

- با ڕابردوومان بەهۆی ڤەهوومەنەوە بە ئایەندەمانەوە گرێ بدەین.
- با شکۆی سپێدەی بەیان بە ستایشی ئافەریدگارەوە بناسین.

"گاتا_٥٠_١٠"

- شکۆی توانایی هەمان خۆڕاگرییە لە ڕێبازی ڕاستییدا.
- ئاواتی ئەشەڤەن، هەمان ئاوەدانی و گەشەی گێتییە.

"گاتا_٥٠_١١"



# گاتا_٥١

- ❖ ئەشـەڤەن، بەردەوام ئـاوات بـۆ نوێبـوونەوە و ئـاوەدانیی جیهـان دەخوازێـت و هەوڵی بۆ دەدات.
- ❖ شادیی و گەشە لە چاکەکاریدایە.
- ❖ بەهەشتی ژیان بەهۆی چاکەکارییەوە مسۆگەر دەبێت.
- ❖ فەرمانڕەوایی بەسەر (خود)دا بەخششی گرانبەهای ئاسمانییە.

**"گاتا_٥١_١"**

- ❖ سپەنتە ئارمەیتی جیلوەگای عەشقی پاك و پارێزكارییە.
- ❖ پەرستشــكارانی بەوەفــای ئــاهوورا لەســایەی سرشــتی چاكیانــدا دەگەنە ئاسوودەیی.
- ❖ ئەشا، جیلوەگای ڕاستیی و پاكیی و ئۆخژنە.
- ❖ ئاسوودەیی لە سایەی سرشتی چاك و پەرستنی ئاهوورادایە.

**"گاتا_٥١_٢"**

- ❖ بـا گـوێ بـۆ قسـەی كەسـێك ڕادێـرین، كە كردەوەكـانی خـۆی بەپێـی سرشـتی چاك دادەڕێژێت.
- ❖ خواوەند، یەكەمین مامۆستای پاك و چاكیی مرۆڤە.

**"گاتا_٥١_٣"**

- بەپێی دادوەریی ئاهوورایی، پاداشتی چاکەکار و سزای خراپەکار یاسامەندە.

"گاتا_٥١_٦"

- لەژێر تیشکی ئاوەزی پاکدا، خواوەند گەشە و جاویدانیی دەبەخشێتە مرۆڤ.

"گاتا_٥١_٧"

- ڕۆشنایی و دڵخۆشی لە پەرەپێدان و گەشەی پەیقی ئەندێشە ورووژێندایە.
- گەشە و پەرەپێدانی کەلامی مەنسەرە، بەختەوەریی بەرهەم دەهێنێت.

"گاتا_٥١_٨"

- خەم و حەسرەت بۆ درۆخوازان و خۆشیی و شادمانییش بۆ پەیڕەوانی ڕاستییە.

"گاتا_٥١_٩"

- قەبووڵکردنی ڕاستییەکان، دەسپێك و بنەمای ئاسوودەییە.

"گاتا_٥١_١٠"

- زانایان، بیر لە ئەنجومەنی دۆستایەتیی جیهانیی دەکەنەوە.

"گاتا_٥١_١١"

- بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی کۆڵنەدەرانەوە دەکرێ لە گومڕایی ڕزگارمان بێ و بگەینە ئاگایی و پێگەیشتوویی.

"گاتا_٥١_١٢"

❖ ڕەوانـــی گومڕاکـــان، لەکـــاتی تێپەڕبـــوون بەســـەر پـــردی چینڤەتـــدا، زۆر حەسرەتبار و نائاسوودەیە.

"گاتا_٥١_١٣"

❖ بـا زمـان و کـرداری خۆمـان لەبەر تیشـکی زانایـیدا بـۆ گەشـەی ڕاسـتیی بەکاربەرین، تا دەگەینە ئارامیی و پارێزکاریی.

"گاتا_٥١_٢١"

❖ پەرستنی خواوەند، هەمان ئەنجامدانی کاری چاکە.
❖ ئارامیی و ئاسوودەیی ئەنجامی گەشەی ڕاستییە.

"گاتا_٥١_٢٢"

# گاتا_٥٣

❖ هاوسەری ژیانتان ئاوەزمەندانە هەڵببژێرن.

**"گاتا_٥٣_٣"**

❖ داوێنپاکیی و پارێزکاریی، بەهای تایبەتی ژنانە.
❖ دەخوازین ڕووناکایی سرشتی چاکمان پێ بگات.

**"گاتا_٥٣_٤"**

❖ ژن و مێرد دەبێ هەوڵبدەن پێشبڕکێی یەکدی بکەن لەڕێگەی ڕاستیی و پاکیدا.
❖ سرشتی چاك و میهرەبانیی، بەهادارترین سامانی ژیانە.
❖ پێشبڕکێی ژیان لە بڕینی ڕێگای ڕاستییدایە.

**"گاتا_٥٣_٥"**

❖ درۆ لە ژیانی مادديدا، مرۆڤ دەخاتە وەسوەسەوە.

**"گاتا_٥٣_٦"**

- بـۆ ژیـانێکی هاوبەشـی هەمیشـە شـاد، عەشـق و وەفـادارییەکی ڕیشـەدار پێویستە.

"گاتا_٥٣_٧"

- دەخوازین درۆ و فریوکاریی لە جیهاندا بنبڕ ببن.
- بـا شـەهریار و سـەرکردەی دادوەر و دروسـتکردار هەڵببژێـرین، تـا ئـارامیی و ئاسوودەیی ببەخشێتە وڵات و ژیانمان.

"گاتا_٥٣_٨"

- مـرۆڤە چـاك و دروسـتکردارەکان، لەسـای شـەهریاریی مینوییـدا دەگەنە باشترین پاداشت.

"گاتا_٥٣_٩"

## ژێدەر:

{اندرزنامه زرتشت/ مولـف: کورش نیکنـام/ چاپ دوم: ١٣٨٨/ تهران انتشـارات تیس}